www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:57 16-10-2006

## بۆچی حەزدەکەین کوڕمان ببێت؟ ... سالار توتمانی

هەق نی یە پێکەنینمان بێت بەو پیاوەی کە لە پێناو بەدەست هێنانی ( (کوڕێك) ) حەند دانە ژن تەلاق بدات و ئاستی پێوانەیی لە ژنهێناندا ببڕێت .پێوستە بە توانج و کەم بایەخە وە لەو مێینانە نەڕوانین کە بەرد دەلکێنن بەکێلی گۆڕی شێخ و مەشایەخەکانەوەبۆ بینینی نێرینە یە ك ..
جێگای خۆیە تی ئەو داپیرەیە سەری لە قوڕبنێت و بگری کە لە پاش حەوت کچ خۆی بەوە جاخ کوێربزانێت و وابزانێت کە منداڵی نی یە ..
پورە خەجی دەڵی یەد کچم هەبێت پەنجەیکوڕێك بۆ من ناژی چونکە کچەکانم نەدەتوانن بچن بۆ خاریج، نەدەتوانن ڕۆژێك لە ڕۆژان ببن بەمەسول، نەدەتوانن توجار باشیش بن –
من تەواو لە گەڵ ئەو قسەیەی پورە خەجێدام ...تۆ بنوارە لەو هەموو حیزبەی لە کۆرەپانی کوردستاندا هەیە، لە عیلمانی و ئیسلامی ..لەم پەڕی چەپ بۆ ئەو پەڕی ڕاست ..لە عەشایەرترین حیزبەوە بۆ مۆدێرن ترین ڕێکخراو ..حیزبێکم بەچنگ ناکەوێت کەبەنمونە بیهێنمەوە کە مێینە یەکی تێدابێت لە سەرکردایەتی دا ئەندام بێت، سکرتێری حیزبێك نی یەژن یان ئافرەت بێت، کەواتە حیزبی نێرینە دەسەڵات وحکومەتی نێرینە دەخوازێت... دەسەڵات و حکومەتێکی لەو چەشنە ش.. خێزان وتاکەکانی کۆمەڵگە هاندەدات.. بەچاوی کەلەشێر ی پوَپنە ئاڵ لەنێرینە بڕوانن و پشکی شێربدەن لەیەخەی کوڕ... نێرینە بەو کەڵەگایە سەیربکەن کەنابەسرێتەوە.. بایەخ و بەهای مێینەش تەنها لەسەر لافیتەکانی هەڵبژاردن وەکو نیوەی کۆمەڵگە بخوێنینەوە... خودایە کوڕمان پێببەخشە بۆئەوەی ببێت بەسەرۆکی عێڵ و خێڵ و لە"شەجەرە" ی ویراسەو ئیرسیەتدا بەپشت حسابی بۆبکەن، چونکە تاهەنوکەش لەهەندی ناوچەو هۆزدا مێینە بەبەر دێتە ئەژماردن وهیچ کات پشتی پێنابەسرێت، وئاخەرو دەعوانا...، خودا یە ڕەحم بەم حکومەتە نێرینەیەبکە